# دەروازەیەك بۆ ناسینی زمان

زمان گرنگترین و سەرەكیترین تایبەتیە كە مرۆڤەكان لە زیندەوەرەكانی تر جیادەكاتەوە، زمان ئەو هۆیەیە كە ڕۆژانە خەڵكێكی زۆر لەسەر ڕوی زەوی بۆ ڕایی كردنی كاروباری ژیانی خۆیان، دروست كردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەرو دیالۆگ و لەیەك گەیشتن، پەنای بۆ دەبەن و بەكاری دەهێنن.

هەڵبەتە هەر نەتەوەیەك خودان زمانی تایبەت بەخۆیەتی كە ڕۆژانە بەكاری دێنێ، لەچوارچێوەی ئەو قەوارە دیاریكراوەی خۆیدا لەگەڵ هاونشتیمانیەكانی گفتوگۆ و دیالۆگی پێ دەكات و لەیەكتری دەگەن.

كردەو بنەمای سەرەكی زمان دەربڕینە لە هەست و سۆزو گەیاندنی بیر و مەبەست، لە قسەكەرەوە بۆ گوێگر.

زمان ڕۆڵی بنیاتنەری هەیە لە دروست كردنی شارستانیەت و كومەڵگا جیاوازەكان، شارستانیەتەكانی هیندی و گریك و سۆمەری و بابلی و میسرییە كۆنەكان لە ڕێگەی زمانەوە توانییان پەیامی ژیان و لەیەك گەیشتن ئاڵۆگۆڕ بكەن و ئاشنای یەكتری بن لەكاتێكدا زمانی قسەكردن و دیالۆگی ئەم شارستانیەتانە جیاواز بوو.

ئەوەی كە ئەمانی لەیەك نزیك كردەوەو بەیەكتری ناساندن زمان بوو، بۆیە هەمیشە لە كۆنەوە تا ئیستا زمان ڕۆڵی كاریگەری بینیوە لە ژیانی مرۆڤەكان جا تاك بێت یاخود كۆ.

سەبارەت بە ناساندن و پێناسە كردنی زمان، پسپۆرو شارەزاو زماناسان بەپێی تێگەیشتن و پێگەیشتنی خۆیان بۆ ئەم بابەتە گرنگە هەوڵیانداوە لە زمان و لە چەمكی زمان و كاریگەری زمان و ڕەهەندە جیاوازەكانی زمان بكۆڵنەوە. لەوانە:

**چۆمسکی** پسپۆری گەورەی زمانەوان دەڵێت : زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ڕێزمان دەریان دەکات. لێرەدا بەپێی ئەو یاسایەی کە لە زمانی کوردیدا هەیەو دەڵێت (بکەر+تەواوکەر+کار) کەواتە هەر شێوە نوسین و دارشتنێك لە دەرەوەی ئەم یاسایەدا بوو ئەوە پێچەوانەی یاساکەیەو هەڵەیە.

**مارتینێت** دەڵێت : زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، لە چەند دانەیەکی بچوك پەیدا دەبێت ئەو دانانەش خاوەنی واتای خۆیانن.

مەبەست بەم پێناسەیەی مارتینێت ئەوەیە کە هەر زمانێك ئەگەر ورد بکرێتەوە بۆ سەرە پێك هێنەرەکانی ئەوا هەر یەکێك لەو پێکهێنەرانە پێناس و شوناسی تایبەت بۆ خۆیان هەیە، هەر بۆ نمونە زمانی کوردی بەم شێوەیەیە (ڕستە، گرێ، وشە، پیت) هەر یەکێك لەمانە خودان واتای خۆیانن و کۆی ئەمانە زمانە پێك دەهێنن.

**هنری سویت** پێی وایە کە زمان : هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر، لە ڕێگەی دەنگ کە لە وشە پێك دێ.

واتا لە ڕێگەی زمانەوە واتا و کارلێکردن و ئاوات و داخوازی و پەیام دەگوازێتەوەو دەریدەبڕێ، هەر لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین وەسفی شوێن و ڕوداو بکەین و بەسەرهاتەکان بگێڕینەوە، هەروەها ئەوەی لە بیری ئێمەشدا هەیە لە ڕێگەی زمانەوە بیگەیەنین.

کەواتە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زمان (گرنگترین ئامێری پەیوەندی و لەیەکترگەیشتنی مرۆڤەکانە)